


## ستایلی

## کەزی کردن

شێوازەکانی قژ و مۆدەی دانانی تەسریحە چەندین شـــێوە و دیمەنی جیاوازی هەیە، هەر مۆدەیەك شایســـتەی جۆرە قژێکە و دەکرێ خانمان ســـوودی لـــێ وەربگرن و جوانترین شـــێوە بۆ تەسریحە کردنی قژیان هەڵبژێـــرن، هـــەر مۆدەیەك بـــە گوێرەی شـــێوازی قژەکـــە دیار دەکـــرێ، ناکرێ جۆرە ســـتایلێکی تەسریحە کە نەشیاو بێ بـــۆ قژێك، بە زۆری بـــۆی بەکاربهێنین، وەك ئەوەی قژێکی ســـەرح بە زۆر بکرێ بە لوولـــە، بەڵام دەکرێ شـــێوازی دیکە هەڵبژێرین و شێوەیەکی جوان و ناسك هەیە کە بۆ قژ ئەنجام دەدرێت، ئەو ســـتایلە بە ڕێگەیەکی سادە و ئاسان دەست دەکەوێت، ئەویش شـــێوازی (کەزی کردنی قژە)، کە دیمەنێکـــی ڕازاوە و جوان و ناســـك بەڵام دەبێ بە هێواشـــی و بە ڕێگەیەکی نەرم و نیان قژ کەزی بکرێت، چونکە قژ لە کاتی کەزی کـــردن دەبێتە دوو بەش و هەر یەکە دەچێتە ناو ئەوەی دیکە و یەکتر بە توندی دەگرن، بەمەش ئەگەر کەزی کردنەکە توند بێ، ئەزیەتی قژەکە دەدات.



# ستایلی کراسی درێژی بووکان

لە شێوە سەرنجڕاکێش و جوانەکانی کراسی بووك، بوونی نەخشێکی جوان و یان شـــێوە دانانێکی ستایل لە شێوازەکاندا ئەنجام و دیمەنی خۆی دەبەخشـــێت، بەمەش هەر کراسێك بەبێ بوونی نەخش لەسەر پێشـــەوەی کراســـەکە جوانییەکی ئەوتۆی نابێـــت، تەنانەت زیاتر نەخشـــەکان لە پێشەوەی ســـەرەوە یان لە بەشی پێشـــەوەی خوارەوە دەبێت، کەچـــی مۆدەی تازەش ئەو لایەنە زیاتر دەردەخات، بەڵام بە ستایلێکی دیکە دەردەکەوێت، ئەم شێوە نوێیە ڕەنگە ببێتە مۆدەیەکی باو لە داهاتوودا، بەو جۆرەی کە ئاراستەیەکی دیکە لە کراسی بووك دەنوێنێت، ئەو شێوازە تازەیەش بریتییە لە درێژ کردنی کراسی بووك، کە لە مۆدەکانی پێشـــوودا کراس بە شێوەیەکی کەم و هەندێك درێژ کراوە، بەڵام لە شێوە تازەکاندا بە تەواوی درێژ کراوە و کە لە دواوەی بووك دەڕوات و بەســـەر زەوی دەخشێت. کە بە بڕوای خانمان وابوو کراسی درێژی بووکان تەنیا بۆ شازادە و کەسایەتییە بەرزەکانە، بەڵام ئەو ڕێچکەیە نەماوە و ئێستا هەر خانمێك بە بووك دەچێت، دەتوانێت ئەو جلە بپۆشـــێت، کە جلێکی جوان و شایستەیە، ئەو بەشە درێژەی دواوەی کراســـی بووك زیاتریش لەلایەن بەربووکەوە هەڵدەگیرێت، یان ئەگەر شوێنەکە پێویست نەبێ دەکرێت لەسەر زەوی لە دوای بووکەوە بخشێت.








# ماکیاژی پەمەیی بۆ ڕوخساری خانمان





زۆری جۆری ماکیاژەکانی ڕووخسار، بێگومان وا لە خانمان دەکات کە نەزانن چ جۆرە ماکیاژێك بۆ ئەو کاتە یان ئەو وەرزە گونجاوە، بە جۆرێك هەر یەکێك لەم ماکیاژانە تا چەند بایەخی پێدەدرێت، هەر مۆدەیەك لە ماکیاژەکان بریتی دەبێت لە کۆمەڵە ڕەنگێك کە دەبێ بەپێی بەرنامەیەکی تایبەت بەکاربهێنرێن و ئەمەش وادەکات کە مۆدەیەکی جوان و ڕازاوەی لێ دەربچێت، هەر لەگەڵ ئەو مۆدەیەی هەڵدەبژێردرێت و دەبێتە مۆدەیەکی جوان لەسەر ڕووخسار، بەڵام گرنگە ئەو خانمەی ماکیاژ دەکات، بەو جۆرە بێ کە لەگەڵ شێوازی ڕووخساری بگونجێت، ئەو ماکیاژەی کە لەسەرەتای ئەم ساڵدا گرنگیەکی زۆری پێدراوە، بریتییە لە ماکیاژی ڕەنگی پەمەیی، ئەو ڕەنگەش یەکێکە لەو ڕەنگانەی کە سەرنجڕاکێشە مەرجیش نییە گشت بە تۆخی دیاربن، بەڵکو زیاتر ڕەنگی پەمەیی لە ڕەنگی ئەساس و هەروەها ڕەنگی لێویش دەکرێت بە ڕەنگی پەمەیی، واتە لە ڕواڵەتی تەواوی ماکیاژەکە، یان ڕووخسار لە ڕەنگێکی پەمەیی و جوان دەردەکەوێت.





## بازنگی گەورە بۆ ساڵی تازە

لەگەڵ هاتنی ساڵی تازەدا، زۆربەی مۆدە و ئێکسسوارەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هات و هەر یەکەش بە گوێرەی شێوازی پێشووی خۆی لە نەخش و دیزاین و ستایل و مۆدەکەیدا، هەندێك کاری تازەی لەسەر ئەنجام دەدرێت، بە مەرجێك شێوەی کۆنی لە دەست نادات و تەنیا ئەوە نەبێت کە بزانرێت لە مۆدەیەکی تازەدا کاری بۆ کراوە، یەکێك لەو مۆدانەی کە خواستێکی زۆری لەسەرە و بەردەوامیش لەلایەن خانمان گرنگی پێدەدرێت، ئەویش ئێکسسواری بازنگی دەستە، کە یەکێکە لە جوانترین و بەبایەخترین ئێکسسوار، لە مۆدەکانی پێشوودا زیاتر بازنگی باریك مۆدەیەکی باو و بەرچاو بوو، لەگەڵ مۆدەی تازەدا دوای چەندین گۆڕانکاری بەسەر ئەو مۆدەیەدا، کەچی شێوەی بە تەواوەتی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، واتە لە شێوە باریك و بچووکەکەی، بەرەو مۆدەیەکی بازنگی گەورە و ئەستوور هەنگاوی ناوە، جگە لەوەش لە مۆدەکانی پێشوودا زیاتر بازنگ بەبێ نەخش و شێوە بوو.

## جوانی ڕەهای ملوانکەی زیو



لە کوردەواری ساڵانێکی زۆرە مۆدەی زیو لە گشت ئێکسسوارەکاندا باوی هەیە، هەر مۆدەیەکیش شێوازێکی جوان و ناسك لە خۆ دەگرێت، تەنانەت زۆربەی ئێکسسوارەکان دیمەنێکی جوانیان هەیە، بەو مەرجەی کە لە زیو دروست کرابن، بەمەش بەشێکی زۆری ئێکسسوارەکانی پێشوو لەناو کورددا، لە زیو بوون، ئەمەش مانای ئەوە نەبووە کە زێڕ باوی نەبووبێ، بەڵام وەکو نەریتێکی کۆن و ستایلێکی تایبەت بە کورد، خانمان زیاتر گرنگییان بە زیو دەدا لەوەی بە ماددەکانی دیکە بدەن، زیو وەك کانزایەکی بەهێز، جگە لەوەی بەهێزە هەروەها جوانییەکی ناسکیشی هەیە کاتێك چەندین کەرەستە و ئێکسسواری لێ دروست دەکەن لەوانە : ملوانکە –ئەڵقە –ئەنگوستیلە – سەروبەند-پاشەسەر- بازنگ – زنجیری دەست، ئەمانەش هەر یەکە مۆدەیەکی جوانن لە بواری جوانکاریدا، لەگەڵ ئەوەشدا لە تازەترین مۆدەکانی بیانی بۆ ئێکسسوار، دروست کردنی ملوانکەیە لە زیو، جوانی زیو لە بریقەدانەوەکەیەتی کە لەگەڵ ڕووناکیدا خۆی دەگونجێنێت و شێوازێکی جوان نیشان دەدات، هەروەها لەم جۆرە شێوازە گرنگی دراوە بە نەخشی سەر ملوانکەکە، ئەویش زیاتر شێوەی دڵ و گوڵی بۆ دانراوە.

# قشڵـــەی کـــۆیە



زۆر شتی مێژوویی کۆن لە زۆر ناوچەی کوردستان ماوەتەوەو بە هەر جۆرێك بێ، کاری دروســـت کردن و بەڕێوەبردنی لەسەر ئاستێکی پێشکەوتوو بووە، پێشتر لە جێگەی ئێستا فەرمانگەکان شـــتێکی دیکە هەبوو بە ناوی (قشـــڵە) و هەروەها (سەرا)ش هەبـــوو کە ئەو لە جێگەی پارێزگا بـــووە، ئەو کاتە لە جیاتی پارێـــزگار ناوێکی دیکە هەبوو بە ناوی (موتەســـەریف). لە قشڵەدا کاروباری خەڵك جێبەجێ دەکرا، قشڵە لە زۆر شوێنەکانی کوردستاندا هەبووە، ئەمجارەیان قشڵەی کۆیە دەخەینە ڕوو تاوەکو ئەوانەی ســـەردانیان کردووە وەك یادەوەرییەك بێتەوە یادیان، یان ئەوانەی پێیان نەزانیوە با ئاشنای بن. مەبەستی دروست کردنی قشـــڵەی کۆیە بۆ کاروباری سەربازی بووە، زیاتریش مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (١٨٧٠ تاوەکو ١٨٧٢)، ئەو باڵەخانەیە لە چەند ژوورێك پێکهاتووە و شـــوورەیەکی بەرزیشی هەیە، لە ناوەڕاســـتدا دیوارێك هەیە کە بە قاڵدرمە سەردەکەویت بۆ قاتی دووەم و کـــە ئەویش پێکهاتووە لە پێنج ژوور و ســـێ باڵکۆنی تێدایە، شـــوێنی جوگرافی ئەو قشـــڵەیە دەکەوێتە ســـەرەتای بەرزاییەکانی ڕێگای چوونە ژوورەوەی کۆیە و لە شێوەی قەڵا وایە، مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشوورییەکان زیاتریش دەڵێن لە ســـەردەمی محەمەد پاشادا دروست کراوە، هەروەها لە سەردەمی عوسمانییەکان کراوەتە قشڵە.



## کوڕە کوردێک تیلیسکۆپێک دروست دەکات

لە ناو کورددا کەســـانێکی زۆر هەن کـــە بیرۆکەی بەهرەمەندیی و چاکیان هەیە، تەنیا پێویســـتیان بە یارمەتیدانە تاوەکو بیرۆکەکەیانیان بکـــەن بە کارێکی جوان و ســـەیر، یەکێك لەو کەســـانەی کە توانیویەتی کارێکـــی لەم جۆرە بکات، ئەویش ناوی (دەشـــتی عومەر)ە و لە دایکبووی (١٩٨٨)ی شـــاری هەولێـــرە و ئەندامـــی ڕێکخـــراوی ڕوانگەکردنی مانگی نێودەوڵەتییە، ئەویش بە دەســـتی خۆی و لە چەند کەرەســـتەیەکی ئاسایی کە لە گشـــت ماڵێکدا هەیە، توانیویەتی تیلیسکۆپێکی (٦)ئینجی بە هێز دروست بکات هەروەها ناویشـــی ناوە (کوردئەســـترۆ دی وەن –kurdastro-D1)، وەکو خۆی دەڵێت : پێکهاتەی ئەو تەلیســـیکۆبە چەند کەرستەیەکە و بە هیچ جۆرێك ســـوودم لە هیچ کەرەستەیەکی تەلیسکۆبی دیکە وەرنە گرتووە و هەموو کەرەســـتەکانی لە هەولێر بەدەســـت دەکەوێت، بەڵام ئـــەوەی دەمێنێتەوە بکرێت یاسای فیزیایەکیەتی و چۆنییەتی دروستکردنی بەشەکانی چەند کەرەستەیەك پێکهاتووە، تێچوونی گشـــتی تەلیسکۆبەکەم تەنها(٥٠) هەزار دینارە لەکاتێکدا تەلیســـکۆپێکی هەمان توانا نرخەکەی ٥٠٠ تـــا ٧٠٠ دۆلاری ئەمریکی یە. دەتوانرێت بکرێت بە بەرهەمێکی ناوخۆ بۆ دامودەزگا و کۆلێژە زانســـتیەکان و شوێنە گەشتیارییەکان.




# شاجوانی کچە قەڵەوەکان

وەکو دەزانین هەموو ساڵێك شاجوانی جیهان و گەردوون هەیە، کە یەکێك لە خانمانی وڵاتێك دەبێتە شاجوانی جیهان یان گەردوون، کە ئەمەش کارێکی گەشت و گوزاری و پێشبڕکێیە لە سەرتاپای وڵاتانی جیهان ئەنجام دەدرێت، لەو پێشبڕکێیەشدا زیاتر کچانی لەش و لار باریك دەپاڵێورێن و دەکرێنە شاجوان، کەچی لە وڵاتی فەرەنسا، کچانی قەڵەو یان ئەوانەی کێشیان زۆرە، وەك ئەوەی وەکو شاجوانەکان بن، بۆ ئەوانیش پێشبڕکێیەك ڕێکخرا ئینجا بانگەوازی بۆ کرا، کە لە هەر وڵاتێك کچێکی قەڵەو بەشدار بێت، لە ئاهەنگێکی تایبەت و قەشەنگدا چەندین خانمی قەڵەو بەشداریان تێدا کرد، لە کۆتاییشدا کچە خانمی ڕووسی بە ناوی (جولیانا)ی (٢٢) ساڵ، کە کێشی (١٠٣) کیلۆگرام بوو، بە جوانترین کچی پێشبڕکێیەکە دەست نیشان کرا، هەروەها نازناوی شاجوانی قەڵەوەکانی پێبەخشرا.




## وێنەگرتنێکی سەیر و ترسناك

سەیرترین و ناخۆشترین وێنەی یادگاری، ئەوەیە کاتێك لە ساتێکی خۆشدا بەرەو کێشەیەکی گەورە ببیتەوە، یان ئەوانەی لە کاتی وێنەگرتندا ڕووبەڕووی گرفتێکی گەورە دەبنەوە، هەر یەکە لە (شانتال بیار و ئنتۆن بیار) لەو کاتەی بە گەشتێکی خۆش سەردانی وڵاتی باشووری ئەفریقیا دەکەن بۆ بەسەر کردنەوەو بینینی گیاندارە سەیر و جوانەکانی ئەو وڵاتە، لەو کاتەی لەلایەن چەند گیاندارێکی (یەك قۆچ) وێنە دەگرن، بەهۆی ئەوەی جلی ئافرەتەکە ڕەش و سپی یە، کە ئەو گیاندارەش ڕقی لەو ڕەنگە دەبێتەوە، بۆیە بە هەموو هێزی، قۆچێکی بەهێز لە ئافرەتەکە دەدات، تا ئێستاش ئەو ئافرەتە لەژێر چاودێری پزیشکیدایە و ماوەی مانگێکە لە نەخۆشخانە کەوتووە، ئەمەش بەهۆی تەنیا وێنەیەك.




## بووک و زاوا بە پایسکل

نەریتە جوانەکانی بووك گواستنەوە لەلای هەر نەتەوەیەك بە جۆرێك ئەنجام دەدرێ، کە دەبێتە مایەی خۆشی و شادی بۆ ئەوانەی ئامادەی ئاهەنگەکە دەبن، بەڵام لە هەندێك حاڵەتدا هەندێك لە بووك و زاواکان لە حاڵەت و نەریتەکانیان لادەدەن و لایەنێکی تازە هەڵدەبژێرن، وەك لە پێشوودا بابەتێکمان بڵاوکردەوە کە باسی لە بووك و زاوایەك دەکرد لەناو دەمی شۆفڵ ئاهەنگیان گێڕا، بەڵام ئەمجارەیان لە حاڵەتێکی سەیر و جواندا و لە وڵاتی چین، هەر یەکە لە زاوای (سیانگ و ماینا)ی بووك، کۆڕەوەی ئاهەنگی هاوسەرگیریان بە پایسکل بردە سەر، ئەوەی سەیر بێ، گشت ئامادەبووان بۆ ئەو دوو بووك و زاوایە بە پایسکل لە دواوەی بووك و زاوا بوون، لەگەڵ ئەوەشدا بە شەقام و شوێنە گشتییەکانی شارەکەیاندا تا کاتێکی درەنگ ئاهەنگیان گێڕا.



## فێڵکاریی سەیروسەمەرەی هونەری

لە بواری هونەری فیلم گرتندا، چەندین کاری سەیر و جوان ئەنجام دەدرێن، کە ڕەنگە بە کارێکی زۆر سادەوە کەچی لەپێش چاوی بینەر بە دیمەنێکی زۆر گەورە دەردەکەوێت، کە وەك فیلمی تەیتانیك، تەنانەت زۆربەی دیمەنەکانی لە حەوزێکی (٣) مەتری وێنەی گیرابوو، بەڵام بە دەریایەکی گەورە نیشان دەدرا، لەم دوو وێنەیەدا جوانترین فێڵە هونەرییەکانی دوو دیمەنی جوانی فیلمتان نیشان دەدەین، کە تەنیا بە گۆڕینی پشتەوەی وێنەکە، دەبێتە دیمەنێکی دیکەی سەیر، لە دیمەنی یەکەمدا وەکو بەراوردێك دامانناوە، لە دیمەنی یەکەم باڵەخانەیەك نییە و لە وێنەی فێڵکارییەکە بۆی دانراوە، هەروەها لە وێنەی دووەمیش دوو کچن لەسەر کەشتییەك، لە ڕاستیدا پشتەوەیان هیچ نییە، بەڵام بە هۆی فێڵکاری هونەری کراوەتە کەشتی و دەریایەکی گەورە.



# چێشخانەی هەولێر لە چین و تایلەند

هەروەك چۆن لە سەرتاپای جیهان، هەر نەتەوەیەك لە وڵاتێكی بێگانەدا كاری جوان دەكەن كە ناو و هێمای خۆیان لەسەر دادەنێن، كوردیش یەكێكە لەو نەتەوانەی كە كاری لەم جۆرە دەكەن و ناوی هەولێر، گەیشتە وڵاتی چین و تایلەند، كە لە هەردوو ئەو وڵاتە چێشتخانە كراوەتەوە بەناوی هەولێر و خواردنی بیانی و كوردی لێ ئامادە دەكرێت و پێشكەش بە میوان و ئامادەبوون دەكرێت.






## یاری پیت ڕیزكردن


هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەكان ڕێكبخەی بۆ ئەوەی ناوی چیایەكی كوردستانت بۆ دەربچێ .

ه ر ح ن ی

وەڵامی ژمارەی پێشوو : نازدار

## بۆ زاخاوی مێشك

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (گوڵشەن) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەكیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیكارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بكەرەوە كە لەكۆتایی ناوێكت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەكدا ناوەكە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانكاریانەی خوارەوە:

**ئاسانكاری**

- پیتی خانەكانی (١+٢+٣) كۆ بكەیتەوە بە مانای (خواردن بە زمانی هەولێری)
- پیتی خانەكانی (٥+٦+٧) كۆ بكەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی هێمن و لەسەرخۆ و بە ئاگا)
- پیتی خانەكانی (٧+٦) كۆبكەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی كەم)
- پیتی خانەكانی (١+٧)كۆ بكەیتەوە بە مانای (گومان بە زمانی عەرەبی)



**كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

زۆر گرنگی مەدە بەهەندێك گرفت كە خەریكە بەرەو كۆتایی دەڕوات، كەسێك پێشنیارێكت بۆ دەكات، پشتگوێی مەخە، باری تەندروستیشت فەرامۆش مەكە.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

بەپەلە هەڵسوكەوت مەكە چونكە زەرەرمەند دەبیت، هەست بە بێزاری و دڵەڕاوكێ دەكەیت، بەهۆی خەون بینینی ترسناك، پشووێك بدە.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ئەم هەفتەیە دووربكەوە لە گفتوگۆ دەربارەی ناكۆكیەكانت لەگەڵ ئەو كەسەی خۆشت دەوێ، چونكە كات لەبار نییە بۆ بەیەكتر گەیشتن مامەڵەی گەورەش باش نییە لەم كاتە.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

بوژانەوەیەكی ئاشكرا لەسیماتدا بەدی دەكرێت، لە بواری سۆزدارییەوە دەرفەتێكی باشت بۆ هەڵدەكەوێ و لەوانەیە لەئامانجت نزیك بكەویتەوە.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

دەرفەتی كارێكی باشت لەپێشە بیقۆزیتەوە، خۆشەویستیەكی نوێ لەدەرگای دڵت دەدات، زۆر بەوردی سەرنجی لێبدە، دوایی پەشیمانی دادت نادات.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

زیاتر ورد بەرەوە و زیرەكانە پلانەكەت دابڕێژە بۆ جێبەجێكردنی پڕۆژەكەت، چونكە كەسانێك دەیانەوێت كۆسپت بۆ دروست بكەن.

## کورسی نامێنێت



یەکێك لە جوانترین حاڵەتەکانی ناو پاسەکانی وڵاتی ڕووسیا، کە ئێستا بڕیاریان داوە کە کورسی نەبێت، بۆ ئەوەی خەڵك فێرە دانیشتن و تەمبەڵی نەبێت، بۆیە ئەوەی ئەگەر بیەوێ دابنیشێت، دەبێ کورسییەك لەگەڵ خۆی بهێنێتە ناو پاس، ئەمەش تەنیا لەچەند شارێکی ئەو وڵاتە کاری پێکراوە، وا بڕیاریشە کە لە داهاتوودا لەو شارە بەهیچ شێوەیەك کورسی نەبێ لە شوێنە گشتی و ناو پاسەکان، تاوەکو خەڵك گرنگی بەدانیشتن نەدات و زیاتر کار بکەن و یان بڕۆن.

## وێنە و بیر کردنەوە



لەم وێنەیەدا کۆمەڵێك مۆبایل دانراوە، هەوڵبدە مۆبایلەکان بژمێرە و بزانە چەند مۆبایلە، تاوەکو نیوەی وێنەکە بژمێرە ئەگەر توانیت.


## پەندی ناوداران



- ئۆسکار وایڵد، گەورە بیرمەند و نوسەری ئیرلەندی، بۆ ئافرەت دەڵێت :

ئافرەت بۆ ئەوە دروستکراوە کە خۆشتبوێت، نەك لێیان تێبگەیت.


## نوکتە



- سواڵکەرێك لەکاتی سواڵ کردندا لە لەدەرگای ماڵێکی دا، خاوەن ماڵ هات و دەرگای کردەوە، سواڵکەرەکە سەیری خاوەن ماڵەکەی کرد، خزمێکی خۆی بوو، بۆیە بەخاوەن ماڵەکەی گوت: لێگەڕێ باعایدی خۆم بێ...

## دیوانە شیعر

کەژاڵ ئیبراهیم بۆ ژن دەڵێت :
ژن،
لە ڕووبارێك دەچێ
نە تینوێتیتان لێی دەشکێ و
نە کەم دەکات
بەڵام کامتان دەتوانن
مەلەی تیا بکەن و نەخنکێن



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لایەنی سۆزداریت گەشەیەکی خێرا بەخۆیەوە دەبینێت و سۆزو خۆشەویستیەکی لەرادەبەدەر ڕووت تێ دەکات، لەوانەیە دیارییەکی بەنرخیشت بەدەست بگات.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لەبواری ئەڤینداریەوە هەست بە دڵتەنگی دەکەیت، ئەمەش بەهۆی دوو دڵیتەوە بەرامبەر بەدۆستکەت و واهەست دەکەیت کەزۆر شت هیە لەتۆی دەشارێتەوە، بەڵام لەڕاستیدا وانییە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

سەرکەوتنێکی چاك لەبواری کارەکەتدا بەدەشست دەهێنیت، کە دەستکەوتێکی ئابووری باری لەگەڵدایە، هەست بە خۆشی و شادی دەکەیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خێزانیت دەرفەتێکی دیکەت بۆ دەڕەخسێت، هەوڵبدە خۆپەرست نەبیت و تۆزێك دووربینبە، هەندێك بەخۆدا بچۆرەوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەم ماوەی تووشی کێشە دەبیت لەگەڵ دۆستەکەتدا، بەڵام ئەگەر بتوانیت ئارامگرو لەسەر خۆبیت دەتوانیت بەئاسانی چارەسەری بکەیت، ئەگینا ئەنجامی خراپ دەبێت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

خۆت دوورخەرەوە لەگومان و دڵپیسی، لەبەرئەوەی تۆ خۆت کەسێکی بڕوات بەخۆت پتەوەو توانای زاڵبوونت بەسەر کێشەکان لەرادەبەدەرە، بۆیە بەقسەی کەسانێکی ناپاك هەڵنەخەڵەتێیت